گۆتەرەس: داوا دەکەین دەنیا بن لەوەی ئاگربەست لە غەززە ببێتە هەمیشەیی

ئەنتۆنیو گۆتەرەس سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی دووشەممە جەختی لە گرنگی گەیشتن بە سەقامگیری و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە، هاوکات داوای کرد کە ئاگربەست لە غەززە ببێتە هەمیشەیی.

گۆتەرەس لە وتارەکدا وتی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قەناغێکی گەڕانکاری قووەدا تێدەپەڕێت.

ناوبراو وتیشی: بەربەیانێکی نوێ لە لوبنان سەرهەڵدەدات و هێزەکانی یونیفیل پابەندن بە پشتیوانیکردنی گەلی لوبنان، هیوای خێی دەربڕی کە "ئاوارەی هەردوو دیوی سنووری نێوان لوبنان و قەوارەی زایۆنی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خێیان".

گۆتەرەس ئاماژەی بەوەدا کە "ئاگربەستی نێوان لوبنان و ئەو قەوارەیە ناسکە بەڵام بەردەوامە"، ئاماژەی بەوەشکرد "گرنگە بە سوپای لوبنان هەموو خاکی لوبنان کۆنترۆڵ بکات".

گۆتەرەس لە کۆتاییدا وتی: داوا لە لایەنەکانی ململانێی غەززە دەکەم دەنیا بن لەوەی ئاگربەستەکە ببێتە هەمیشەیی و دەبێتە هۆی ئازادکردنی هەموو بارمتەکان“، بانگەوازەکەی دووپاتکردەوە بە ”دەنیابوون لەوەی ئاگربەست دەبێتە هۆی ئاشتیەکی هەمیشەیی“.